# لە هەولێر ئامادەکاری بۆ دیداری مەحموود دەروێش دەکرێ



■ ئا: بژار حەکیم

کونسوڵخانەی فەڵەستین لە هەولێر ئامادەکاری بۆ بەڕێوەچوونی دیداری ئەدەبیی (مەحموود دەروێش) دەکات. دیدارەکەش بە بەشداریی نووسەرانی فەڵەستین و کوردستان بەڕێوەدەچێت.

نەزمی حزووری، کونسوڵی فەڵەستین لە هەرێمی کوردستان بە (ئەدەب و کولتووری رووداو) ی ڕاگەیاند، لە مانگی ئاداری ئەمساڵ کونسوڵخانەی فەڵەستین لە شاری هەولێر بە هاوکاریی وەزارەتی ڕۆشنبیری و یەکێتی نووسەرانی کورد دیدارێک لەبارەی شاعیری فەڵەستینی (مەحموود دەروێش) بەتایبەتی و دەوڵەتی فەڵەستین بەگشتی سازدەکات.

نەزمی حزووری هەروەها گوتیشی، دیداری مەحموود دەروێش لە 20ی ئاداری ئەمساڵ لە هەولێر بەڕێوەدەچێت کە ژمارەیەک لە نووسەران و شاعیرانی فەڵەستین و کوردستان لە دیدارەکەدا بەشداردەبن، هەروەها ژمارەیەک نووسەر و شاعیری فەڵەستینیش بۆ دیدارەکە بانگهێشت دەکرێن.

مەحموود دەروێش لە 13ی ئاداری 1941 لە فەڵەستین لەدایکبووە و لە ساڵی 2008 لە ئەمەریکا کۆچی دوایی کردووە. زیاتر لە بیست دیوانە شیعری چاپکراوی هەیە و شیعرەکانی بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراون.

مەحموود دەروێش یەکێکە لە دیارترین شاعیرانی هاوچەرخی عەرەب بە گشتی و فەڵەستین بەتایبەتی، بە شاعیری بەرگری و هێمای ئازادیی گەلانی ئازادیخواز ناوی دەرکردووە و چەندین شیعریشی لەسەر کورد نووسیوە.

## ڕۆمانێک لەبارەی جینۆسایدی کوردی ئێزدی

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ڕۆمانی (ئەسپەرە) کە گێڕانەوەی جینۆسایدی کوردە لە ساڵانی هەشتاکان و کارەساتی ئەم دواییە ئێزدییەکان لە شنگال، چاپ و بڵاوکرایەوە. نووسەری ڕۆمانەکە دەڵێت، لەم ڕۆمانەدا ژنەکان جەلادەکان دەخەنە نێو قەفەسی دادگا و ریسوا و شەرمەزاریان دەکەن.

عومەر سەید، نووسەری ڕۆمانەکە گوتی، تەوەری سەرەکیی ئەم ڕۆمانە بابەتی جینۆسایدی کورد و هاوکات تێکهەڵکێشکردنی ئەنفال و کۆمەڵکوژی ئەم دواییەی ئێزدیە بە دەستی چەکدارانی داعش.

نووسەری ڕۆمانەکە دەشڵێ، قوربانیانی ئەنفال و ژنان و پیاوانی شنگال و کۆچو و کوڵەجۆی گەرمیان، چیرۆکی مەرگەسات و قڕکردنی خۆیان دەگێڕنەوە، تاوەکو لەنێو دنیایەکی خەیاڵیدا و لە دادگایەکی مێژوویدا هەموو مینا ڕۆحی سپی ژنەکان، جەلادەکان دەخەنە نێو قەفەسی دادگاوە و هەموو مێژووی داگیرکاری و جینۆساید ریسوا و شەرمەزار دەکەن.

عومەر سەید، ساڵی 1970 لە کەرکووک لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لە چەمچەماڵ خوێندووە. پێشتر لەبواری شانۆ و شێوەکاریدا کاری کردووە و چەندین خەڵاتی لەبواری چیرۆک و شێوەکاری و شانۆدا وەرگرتووە.

ئەمە سێیەمین ڕۆمانی نووسەرە، دوو ڕۆمانی دیکەی بە ناوەکانی، بازنە ڕاخراوەکانی بابل و سەرزەمینی زیکزیکە پێشتر بڵاوکردوونەتەوە کە سەرجەمیان کارکردنە لە ئەنفال و جینۆسایدی کورد دا.




## شمشێرەکەی مووسا دووبارە چاپ دەکرێتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

سابیر ڕەشید، نووسەر و ڕۆماننووس، چاپی دووەمی ڕۆمانی "شمشێری مووسا"ی خستە بازاڕەوە، لە دوای ئەوەی چاپی یەکەمی لە بازاڕدا نەما.

سابیر ڕەشید بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە دوای ئەوەی تەواوی نوسخەکانی چاپی یەکەمی ڕۆمانەکە لە چواردەیەمین خولی پێشانگەی نێودەوڵەتیی کتێب لە هەولێر فرۆشرا و لە بازاڕدا نەما، بڕیاری چاپی دووەمی ڕۆمانەکەم دا.

گوتیشی، ڕۆمانەکە پڕفرۆشترین کتێبی خانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بوو لە پێشانگاکەدا.

چاپی یەکەمی ڕۆمانەکە بەناوی "شیری مووسا"یە، بەڵام چاپی دووەمی بە ناونیشانی "شمشێری مووسا" بڵاوکراوەتەوە و لە تاران بە چاپ گەیشتووە.

ڕۆماننووس ئەوەشی ڕوونکردەوە کە خۆی بە ڕۆمانەکەدا چووەتەوە و هەندێ گۆڕانکاری تێدا کردووە.

سابیر ڕەشید تاوەکو ئێستا 20 کتێبی چاپ و بڵاوکردووەتەوە، نزیکەی 10 کتێبی دیکەیشی ئامادەیە بۆ چاپ، جگە لە بڵاوکردنەوەی چەندین وتار و لێکۆڵینەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا.

ڕۆمانی "شمشێری مووسا" لە ساڵی 2017 بڵاوکرایەوە و تیشک دەخاتە سەر ئێش و ئازاری جووەکانی کوردستان، بەر لە کۆچکردنیان بۆ ئیسرائیل.




## فێستیڤاڵی هونەریی سلێمانی - سنە بەڕێوەدەچێ



■ ئا: بژار حەکیم

لە شاری سلێمانی ئامادەکاری بۆ بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی هونەریی سلێمانی- سنە دەکرێت. بەپێی پلانی فێستیڤاڵەکەش چالاکییەکان چوار ڕۆژ بەردەوام دەبن.

هونەرمەند بەختیار سەعید، بەڕێوەبەری ناوەندی حەوت ڕەنگە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی بە هاوکاریی ناوەندی حەوت ڕەنگە فێستیڤاڵی هونەریی سلێمانی – سنە سازدەکات.

بەڕێوەبەری ناوەندی حەوت ڕەنگە ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە فێستیڤاڵەکە لە ڕۆژی 19/2/2018 لە شاری سلێمانی بەڕێوەدەچێت و بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام دەبێت. دەستپێکی فێستیڤاڵەکەش لە هۆڵی مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنە سوورەکە بەکردنەوەی پێشانگایەکی نیگارکێشی بۆ شێوەکارانی هەردوو شار دەستپێدەکات.

گوتیشی، لە فێستیڤاڵی هونەریی سلێمانی_ سنە، دیبەیتێک لەنێوان شێوەکارانی هەردوو شار لەژێر ناوی گەشەکردنی هونەر لەناو شاردا سازدەکرێت، ئەوە سەرەڕای پرۆگرامی میوزیک و گۆرانی. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە بەشدارییەکی کارا لە فێستیڤاڵەکەدا دەکرێت.

# رۆژهەڵاتی بە رۆژهەڵاتکراو

حەمە مەنتک





ئیدوارد سەعید

پێوەندیی رۆشنبیری و فیکریی نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا، یەکێک بووە لە گرینگترین ئەو بوارانەی لەڕووی رۆشنبیرییەوە گفتوگۆی قووڵی لە سەردەمی مۆدێرنەوە دروست کردووە. دواجار ئەمە بە دیاردەی رۆژهەڵاتناسی نێوبرا. زۆر لە بیرمەندان پێوەی خەریک بوونە و دەبن. هاوکات دەبێتە یەکێک لە بابەتەکانی ململانێی نێوان شارستانێتی ئیسلامی و رۆژئاوا. لێرەدا کە دەڵێین رۆژهەڵات، دەبێ رۆژهەڵاتی دووری لێ دەربکەین. رۆهەڵاتناسی دێت ئیش لەسەر ئەو تێڕوانینانەی رۆژئاوا دەکات کە لەبارەی رۆژهەڵاتەوە هەیەتی. واتە ئەو رۆژهەڵاتەی بە تێڕوانینی ئەورووپییەکان دروست بووە.

(ئیدوارد سەعید) یەکێکە لەو بیرمەندانەی تێڕوانین و جیهانبینیی فراوانی لەبارەی رۆهەڵاتناسییەوە هەبوو. ئەو کتێبێک بە ناوی (رۆژهەڵاتناسی) دەنووسێت. لەم کتێبەدا هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ئەو رۆژهەڵاتە دەدات کە بە دیدی ئەورووپییەکان دروست بووە، فاکتەرەکانی پشت دروستبوونی ئەم تێڕوانینانە بۆ رۆژهەڵات روون دەکاتەوە. خۆشبەختانە ئەم کتێبە لەلایەن (د.موحسین ئەحمەد عومەر) بە کوردی کراوە.

(سەعید) لە چوارچێوەی تێزەکانیدا جینالۆجیای رۆژهەڵاتناسی لەناو رۆشنبیریی رۆژئاواییدا ئاشکرا دەکات. لەوێوە هەوڵی توێژینەوە لە بزووتنەوەی رۆژهەڵاتناسی دەدات، دەیەوێ ئەو پرۆژە ئەورووپییە بۆ رۆژهەڵات ئاشکرا بکات. هاوکات کەشفکردنی بنیادی ناوەوەی گوتاری رۆژهەڵاتناسی، ئەویش لەڕێی راڤەکردن و رەخنەگرتن لەو گوتارە. ئەم کتێبە دەبێتە شۆڕشێک لە بواری رۆژهەڵاتناسیدا، ئەویش بەهۆی پێشکێشکردن و سەرلەنوێ دارشتنەوەی تێڕوانینەکان بۆ رۆژهەڵات. ئەو توێژینەوە لەو تێزانە دەکات کە بۆ رۆژهەڵات هەن و رەخنەیان دەکات. بۆیەش دەڵێت: "هەوڵ دەدەم ئەوەش بخەمەڕوو کە کولتووری ئەورووپی بە خۆجیاکردنەوە لە رۆژهەڵات کە وەک فۆرمێک لە خۆی وەریگرتبوو، بەڵام فۆرمێک لە خوارەوەی خۆی و وەک وەرگرتنێکی زۆرەملێ، کولتووری خۆی بەهێز کردووە و ناسنامەی خۆی سازگارتر کردووە". [سەعید: 2018: ل31] کەواتە: ئەوەی ئەم بیرمەندە دەیەوێ قسەی لەبارەوە بکات، ئەو رۆژهەڵاتە داهێنراوەیە لەلایەن رۆژئاواوە. ئەو دەیەوێ پێمان بڵێت ئەو رۆژهەڵاتەی ئەورووپییەکان باسی دەکەن، ساختەیە، تەنێ بۆ بەرژەوەندی و بەهێزکردنی خۆیان دروستیان کردووە، ئەو رۆژهەڵاتە جوایەزە لە رۆژهەڵاتە ئۆرجینال و واقیعییەکە.

ئیدوارد لەم کتێبەدا سەرەتا دێت مەدلوولەکانی زاراوەی رۆژهەڵات راڤە دەکات کە چەقی پرۆسێسەی رۆژهەڵاتناسییە، هاوکات جێی بایەخی توێژینەوەکانی رۆژئاوایە لەبارەی ئەم چەمکەوە. بە بڕوای ئەو زاراوەی رۆژهەڵات مەدلوولی سیاسی، جوگرافی و مێژوویی هەیە. ئەمە لە سەرەتادا لە نێوان یۆنانی کۆن و فارسەکاندا بووە. لە سەردەمی نوێشدا لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتانی ئەورووپیدا بووە. کەواتە گرینگیدانی رۆژئاوا بە رۆژهەڵات بە شێوەیەکی لە ناکاو نەهاتووەتەدی، بەڵکوو ئامانجی تایبەتی لە پشتەوە بووە. لێرەوە بە بڕوای ئەم فەیلەسووفە هۆکاری مێژوویی دەگۆڕێ بۆ هۆکاری دەروونی، ئایینی و پاشان بۆ هۆکاری ئابووری و ئامانجی سیاسی گۆڕدرا. ئەوەش روون دەکاتەوە کە رۆژهەڵاتناسی رۆڵێکی کاریگەر لە توێژینەوەی رۆشنبیری، جوگرافی، مرۆڤایەتی و مێژووییدا دەبینێت. بۆیەش مێژووی داگیرکاری و هەیمەنەی سیاسی لەسەر رۆژهەڵات بۆ رۆژهەڵاتناسەکان دەگەڕێتەوە کە زانیاری زۆریان لەسەر رۆژهەڵات هەبووە، رۆشنبیری و شارستانێتی ئەویان بە تەواوەتی خوێندووەتەوە. پنتێکی زۆر گرینگ لەم توێژینەوەیەی ئیدواردا هەیە، ئەویش ئەوەیە، ئەو رۆژهەڵاتناسی لە رەهەندی مەعریفییەوە رەت ناکاتەوە، بەڵکوو دژ بە رەهەندە داگیرکارییەکەیەتی کە پێوەندی بە هەیمەنەی داگیرکارەوە هەیە. نموونەی قسەکانی (کرۆمەر) لەبارەی رۆژهەڵات دەهێنێتەوە. (کرۆمەر پاشان وەسفی عەرەب و رۆژهەڵاتییەکان وەک کەسانی ساویلکە دەکات، دوور لە هەموو وزە و دەستپێشخەرییەک، زۆر مەیلیان بە لای ستایش و مەرایی و پیلان و فێڵ و شەڕانگێزیدایە بەرانبەر بە گیانەوەران، رۆژهەڵاتییەکان ناتوانن لەسەر شەقام و شۆستە بڕۆن). [سەعید: 2018: ل93] ئەو دژ بەم تێزیەیە، چونکە ئەورووپا دەیەوێ هەمیشە حوکمی رۆژهەڵات بکا. هاوکات ئەمە تێڕوانینی ئەوانە بەرانبەر ئەو جوگرافیایە.

رۆژهەڵاتناسی لە کن ئەم فەیلەسووفە لە چەند چەمکێکی بنەڕەتیدا خۆی دەبینێتەوە. یەکەمیان چەمکە ئەکادیمییەکەیە، توێژینەوە و چارەسەر بۆ رۆژهەڵات لە چوارچێوەی تایبەتمەندی و خاسیەتە گشتییەکانی رۆژهەڵاتەوە دەبێ. بە بڕوای ئەو راستە رۆژهەڵاتناسی وەک خۆی نەماوەتەوە، بەڵام هێشتا لەناو زانکۆکان درێژە بە خۆی دەدات، ئەویش لەڕێی لێکۆڵینەوە لە بزووتنەوە و تێزەکان لەبارەی رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتییەکان. چەمکی دووەم رۆژهەڵاتناسی وەکوو چەمکێکی فیکری دەبینێت، کە بە خاسیەتی بوونی و فیکری جودا دەکرێتەوە. ئەم دوو چەمکە ئاڵوگۆڕی جێگیر و رێکخراو لە نێوانیاندا هەیە، ئەویش بە ئامانجی زاڵبوون بەسەر رۆژهەڵات و سەرلەنوێ دارشتنەوەی پەیکەری رۆژهەڵات. بۆیەش رۆژهەڵاتناسی گوتارێکی رێکخراوە. لێرەوەیە هیچ پێوەندییەک لە نێوان رۆژهەڵاتناسی و رۆژهەڵات بە واتا واقیعی و راستییەکەیدا نییە. بابەتی توێژینەوە لێرەدا هوشیاریی رۆژئاوایە، نەک هوشیاریی رۆژهەڵاتی. لێرەوە رۆژهەڵاتناسی دەبێتە ئاوێنەی دەسەڵاتی رۆژهەڵات و ئارەزووی ئیمپریالییەت. ئەوەی لەم کتێبەدا بۆمان روون دەبێتەوە، ئەوەیە ئەم فەیلەسووفە دەیەوێ ئەو رۆژهەڵاتە داهێنراوەمان پیشان بدات، هەموو رەهەند و چوارچێوەکانیمان بۆ دەستنیشان دەکات. لەلایەکی دیکەوە ئەو ماسکە لادەبات کە رۆژئاوا بۆ رۆژهەڵاتی کێشاوە. دیسان دێت پێمان دەڵێت، دەبێ رۆژهەڵات بناسین، سەرلەنوی توێژینەوەی لەبارەوە بکەین بۆ ئەوەی رۆژهەڵاتی راستەقینە بە رۆژئاوا پیشان بدەین.

سەعید (ئێدوارد): 2018: رۆژهەڵاتناسی، وەرگێڕانی لە فرانسییەوە: د.موحسین ئەحمەد عومەر، لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی، هەولێر.

## "لە ناوزەنگەوە لۆ بابەگوڕگوڕ"..

# کاتێ شیعر و گۆرانی دەبنە ئامرازی جەنگ

سەنگەر زراری






نووسینەوەی بیرەوەری بەشێکە لە نووسینەوەی مێژوو، وەکو چۆن دەکرێ مێژوو بە پارچە پارچە و بەشبەش بنووسرێتەوە، واتا مێژووی سەردەمێکی دیاریکراو باس بکرێت و سەردەمی دی فەرامۆش بکرێ، کەسایەتییەکانیش دەتوانن بیرەوەرییەکانی خۆیان بە شێوەیەک بنووسنەوە و بگێڕنەوە کە جۆرێک لە تایبەتمەندیی پێ بدەن. نووسەر خۆی جۆری تایبەتمەندییەکە دیاری دەکات و بنەمایەکی کۆنکریتی نییە بۆ نووسینەوەی بیرەوەری. واتا کەسایەتییەکە، یان نووسەرەکە ئازادە لەوەی هەموو ژیانی دەگێڕێتەوە، یان رووداوێکی گەورە کە گۆڕانکارییەکی گەورەی دروست کردووە، چ لە ژیانی تایبەتی خۆی یان لە ژیانی ئەو دەوروبەر و کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی. یەکێک لەو جۆرە بیرەوەرییانەی باو و بەربڵاوە، نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی بەندیخانەیە کە هەمیشە گۆڕانکاریی گەورە بەسەر ژیانی کەسایەتی بەندکراودا دەهێنێ، جۆرێکی دیکەیان بیرەوەریی جەنگە کە ئەمەشیان زۆر باوە و کەسانی شەڕدیدە، بەتایبەتیش ئەگەر نووسەر بن، بیرەوەرییەکانیان دەنووسنەوە.

"لە ناوزەنگەوە لۆ بابەگوڕگوڕ"*، دەچێتە چوارچێوەی بیرەوەرییەکانی جەنگەوە، ئەم کتێبە بیرەوەرییەکانی رۆژانی راپەڕینی گەلی کوردە لە دیدی "کەریم کاکە"وە، بیرەوەرییەکە باسی بیستوحەوت شەو و رۆژی زستان و بەهاری ساڵی 1991 دەکات، تا دەگاتە رۆژی کۆڕەوە سەرتاسەرییەکەی گەلی کورد. نووسەر ئەوکات خۆی پێشمەرگە بووە، لە ناوزەنگەوە پێ بە پێ لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە هاتووە تا چووەتە کەرکووک و دواتریش گەڕاوەتەوە و هاوشانی خەڵک تووشی کۆڕەو بووە.

هەمیشە لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی جەنگدا، مرۆڤ تووشی ترس و دڵەڕاوکێ دەبێت، دەنگی گوللە دەبیستێ و جار جار هەست دەکات خۆی لەناو جەنگدایە و لە مەترسیدایە و هەست بە دڵەڕاوکێ دەکات. لەم بیرەوەرییانەی کەریم کاکەشدا، مرۆڤ گوێی لە دەنگی گوللە دەبێ، بۆردومان دەبینێ، هەست بە ئاگرباران دەکات و کوشت و کوشتار دەبینێ، بەڵام زۆر هەست بە ترس ناکات، چونکە نووسەر بنەمای گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی تێکشکاندووە کە هەمیشە دەبێ بە زمانێکی راست و رەوان و رەق و ریالیستانە بێت، کەچی ئەم بیرەوەرییانە بە زمانێکی شیعریی وەها نووسراون، دەڵێی رووداوە خۆشەکانی ژیان دەگێڕێتەوە نەک ئاشووب و جەنگ.

ئەدیب و نووسەری ناوداری بەریتانی رایمۆند مۆریتمێر (1895–1980) دەیگوت: "بیرەوەرییەکانم وەکو دەفری توانەوەی زێڕن، زێڕەکەی لێ دەردەهێنرێ و خڵت و پیسییەکەش دەمێنێتەوە". کەریم کاکە زێڕ لەناو بیرەوەرییەکانی نا، بەڵکو شیعر لەناو جەنگ دەردەهێنێ و ترس لە شەڕ دەردەکا: "هەر بەڕاستی لەناو ئەو هەموو زرموهۆڕ و ئاگربارانە، لەو گۆرانییەوە پیاو حەزی دەچووە مەی و ماچ، هەمووان لەو ئێوارەیە مەستی ئازادین و ماچی ئازادییان دەوێت و نابێت بگاتە نیوە شەوێ، هەر لەوێ نا، لەناو زۆر ترومبێلەوە لەپاڵ ئەی رەقیب و ئەو رۆژی ساڵی تازەوە، دەنگی نازیلێ دەهات، گۆرانی: پەرچەم و ئەگریجەی عەلی مەردان و نەورۆزەکەی حەسەن زیرەک و ئەی رەقیبەکەی هەمووان، هەموو کەرکووکی گرتەوە...ل193".

لای کەریم کاکە، کەرکووک بە زرموهۆڕ نا، بە گۆرانی و مەی و ماچ ئازاد دەکرێ، دواتر و لە کاتی هێرشی پێچەوانەی بەعس، هەر بەو زمان و وەسفە شیعرییە بۆ دوژمن چۆڵ دەکرێ: "هەڵاتین، بەڕێی چووندا گەڕاینەوە، تەقەمان لەسەرە، ناچار لە هەڵاتنێ چووینە سەر رێبازی مار، شەقاوێ بە لای چەپ، شەقاوێ لای راست، جاروباریش لە ترسی ئەو پەڵە ساچمانەی لە تەقینەوە بڵاو دەبوونەوە، سەراوسەر خۆ بە زەوی دادە، ئەو هەڵاتنەش نازانم چەندی برد...ل238".

ئەم کتێبە چەندە گێڕانەوەی شەڕ و قارەمانییەکانی رزگاربوونی کوردستانە، هێندەش رەخنەگرتنە لە پێشمەرگە و بەرەی کوردستانی کە ئەوکات سەرپەرشتیی ئازادکردنی کوردستانی دەکرد، چەندە دڵخۆشبوونە بە ئازادی، هێندەش نارەحەتییە بەرامبەر ئەو نالەبارییەی قارەمانەکان دروستیان کردووە، هەڵبەت ئەویش بە هەمان وەسف و زمانی شیعری: "سەرەژنێک، ستڵێک بەدەستەوە لە ئاوکێشان دەهاتەوە، لەبەرخۆوە بۆڵەبۆڵی بوو، بە ناوکردن و نەژی تێگەیشتم لەگەڵ (بەرە) یەتی – بەرەیەکی ترت بەناو بکرێ، نەژی.. لە دڵی خۆمدا گوتم قوڕت بەسەر بەرە، کەوتییە بەر تووک و نزای ژنان...ل179".

کەریم کاکە کە خۆی پێشمەرگەیەکی ئاسایی بووە و پێ بە پێ لەگەڵ هێرشەکاندا بووە، واتا وەکو ئەو بەرپرسانە نەبووە کە ئەوکات و ئێستاش هەر خۆیان لە مەترسییەکان دوور دەگرن و لە دواوەن و ناگەن، بۆ ئیمتیازاتیش لە ریزی پێشی پێشەوەن: "بیرمان نەچێ، تا هەولێریش ئازاد نەبوو، بەفری رێی هاتنەوەی سەرانی گەورەی بەرە نەتوایەوە، بەئازادبوونی هەولێر، ئەوان پێیان خستەوە ئەودیوەی ئەو بستۆکەی کە دوژمن ناوی ناوە سنوور... ل119". کەچی لەگەڵ ئەو ئامادەبوونەی خۆیان، خۆی و هاوڕێکانی ناکاتە قارەمانی سەرەکی و دان بەوەدا دەنێ کە بە پلەی یەکەم ئەوە خەڵک و جەماوەرن رۆڵیان لە رزگارکردنی وڵاتدا هەیە و دەنگی جەماوەر بە پلەی یەکەمە "لەو دەڤەرەی ئەوێ، ژنێکی تۆزێ بەساڵاچوو، دەمانچەیەکی رووتی لە دەستی بوو، بە دەنگێکی ژنانەی پڕ لە ئاە و ژانەوە، چاو لە ئێمە لەبەرخۆیەوە رستەیەکی دەگوتەوە، ئەز دوای تەمەنێ حەزدەکەم ئەوهای بڵێمەوە: تا شار نەڕژێتە سەر جادە، پێشمەرگە سەد چیاش بگرێ رەنج بەبادە... هەر ئەو رۆژە قسەی ژنە راست دەرچوو، کۆیێ رژایە شەقام و بە پێشمەرگە نا، بە (بژی پێشمەرگە) حکوومەتی راونا، لە هەیبەت سوڵتانەوە نا، لە خولگەی حاجی قادرەوە، بانگی ئازادی رادێرا، هایدارەبە، هێشتا هەیبەت سوڵتان نەگیراوە...ل47".

واتا پێچەوانەی گوتەی ئەو بەرپرسانەی کە هەردەم خۆیان دەکەنە قارەمانی رووداوەکان و لەڕاستیشدا کەریم کاکە گوتەنی، زۆر درەنگ بەفری بەرپێیان تواوەتەوە بۆ هاتنەوە. وەک کەریم کاکە دەڵێت: زۆربەی شوێنەکان بە پێشمەرگە نا، بە بژی پێشمەرگە رزگار کراون، بەڵام شوێنێکی وەکو کەرکووک بە بژی پێشمەرگە ئازاد ناکرێ، لێرەدا هەمان زمانی شیعری بۆ رووداوە پێچەوانەکەش دەخرێتەگەڕ: "وا دیارە کەرکووک وەک شاران نییە، هێزی بۆ نەچێ ئازاد نابێ، ئاخر چی وا کوردی تێدا نەماوە، ئەوەی لەوێشە دەستوپێی بەستراوە، کەرکووک بۆ سەدام وەک بەغدا وایە، چی هێز هەیە وا لەوێیە، ئەو شارە بە (بژی پێشمەرگە) ئازاد نابێ، پێشمەرگەی دەوێ...ل133". بۆ ئەمەش پێشمەرگە ئاساییەکان هەر گیانلەسەردەست بوونە و زۆرینەی بەرپرسانیش نادیار.

ئەو تەنیا رەخنە لە رووداوەکانی ئەوکات ناگرێ، جاربەجار ئەو خراپەکارییانەش دەداتە بەر تیری رەخنە کە دەرەنجامی رووداوەکانی ئەوکاتن: "لەسەر جادەی شەستمەتری، فلکەی دواتری میتەڕان، دەستی ئەنجوومەنی کارتۆنیمان گرت، ئەو جێیەی ساڵی پاشی، جێی بۆ پەرلەمانێکی لەشێوەی خۆی جێهێشت...ل98".

کەریم کاکە ئەو نائومێدییەش لەبیر ناکات کە هەرزوو، پێش ئەوەی خەڵک بە تێر و تەواوی تامی ئازادی بکەن، بەرۆکی خەڵک دەگرێت و خەڵک بێهیوا دەکات: "لێتان ناشارمەوە من لەو چەند رۆژە تەواو ساردبوومەوە، وەک بڵێی باوەڕم بە شەڕ و هێرش نەمابێ، ئاخر دەزانی چ راوەڕووتێکم دی...ل178". "ئێستا بەشی زۆری بندەستی عارەبی عێراقێ ئازادە و کەوتە دەستی کوردان و بەرە دەسەڵاتدارە، بەڵام چۆن دەسەڵاتێ، لە دزی و راوەڕووتی مەگەر جەندرمەی ئۆسمانی بیگاتێ...ل206".

"لە ناوزەنگەوە لۆ بابەگوڕگوڕ" چەندە کتێبێکە لەبارەی جەنگ و ئاشووب و نەهامەتییەکانەوە، ئەوەندەش شیعر و گۆرانیی لێ دەتکێ و خوێندنەوەی چێژێکی تایبەتی هەیە، تەنانەت خوێنەر هەست دەکات بە یەکجار خوێندنەوە لێی تێر نابێ.

* لە ناوزەنگەوە لۆ بابەگوڕگوڕ (یادەوەری)- کەریم کاکە، چاپی یەکەم (2018).

# لە گێڕانەوەی ڕووداوەوە بۆ دیالۆگی کارەکتەر

**نیهاد جامی**



کاتێک لە چیرۆکەوە دێیتە ناو شانۆ، مەترسییەک ڕووبەڕووت دەبێتەوە، ئەوە ترسی بەرپرسیارێتی نووسینە، لەهەمان کاتدا ناسینی بونیادی گێڕانەوە، دیالۆگ کۆمەکی ئەوەت دەکەن بەرەو ناو کارەکتەری مرۆڤەکان نەچیتە خوارەوە، بەقەد ئەوەی لە قسەکردنی خۆیانەوە بیانناسین.

ئەو تێگەیشتنە وێنەی ڕاستەقینەی دنیای نووسینی چیرۆکنووسی عیراقی عەبدولستار ناسرە، ئەو دوای دەرکەوتنی وەک چیرۆکنووس ورۆماننووس، لە بیست ساڵی دواییدا تواناکانی خۆی وەک نووسەرێکی شانۆیی خستەگەڕ.

دنیای شانۆیی ئەو نووسەرە ئیشکردن بوو لەسەر ئەو میراتە شانۆییە وەک لە نووسینی شانۆگەری کۆماری قەیرەکاندا دەبینین، ماڵی بەرنادا ئەلبای لۆرکا دەگوازێتەوە بۆ ناو فەزای کۆمەڵگایەکی عێراقی کە جەنگ بووەتە هۆکاری قەیرەبوونی کچەکان.. ئەو لەو فەزا لۆرکاویەدا توانی دیدێکی جیاواز و ناتەبایانە بنووسێتەوە.. یا لە شانۆگەریی "یەکەم شەڕی جوان" دەیبینین لە فەزای نووسەری نەرویژی یۆن فۆسە و شانۆگەریی "کەسێک هەر دێ" دەچێتە ناو دیدێکی تری شوێن و پەیوەندیی بە جەنگەوە.. ئەوە جگە لەوەی کاتێ دەیەوێ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ماڵ لە دیدێکی تردا بخوێنێتەوە، وەک لە شانۆگەریی "ئاوا باشترە ئەی مەروان" دا، گرفتی ماڵ و دەرکەوتنی کارەکتەری ناو تەلەفزیۆنی وەک بێژەرێک چۆن گرفت و ئاستەنگی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە.

ئەوەش لەناو دەقی "بەیانی باش بەتول" درێژ دەبێتەوە، ئەو دەمەی حیکایەتە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگا، چۆن دەبێتە هۆی ئەوەی کچێک لە ماڵ بمێنێتەوە و نەتوانێ شوو بکات.

دنیای کارەکتەرەکانی ناسر زۆر لە دنیای ئێمە نزیکە، بەتایبەت کچە قەیرەکانی کۆمارەکەی، هەروەها کارەکتەری بەتول و پیاوە گەڕاوەکەی ناو شەرە جوانەکە.

یەکێک لە ئیشکردنەکانی ئەم نووسەرە چارەسەرکردنی گرفتەکانی ماڵە لەناو شانۆدا، بۆیە لەلای ئەو ماڵ ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکردووە، ماڵ ئەو شوێنەیە کە ڕەهەندی کۆمەڵناسی کارەکتەری تێدا دەناسرێت، ماڵ زۆربەی جار لە شێوەی ژوورێک دەردەکەوێ، بۆ ئەوەی لەسەر دوو هێڵی تەریب بخوێنرێتەوە، ئەویش پەیوەندیی ماتریالەکانە بە شوێنەوە، دواتر هێڵەکەی تر هێڵی یەکەم دەبڕێ، ئەویش کۆکردنەوەی کەسێتیەکانی ناو تێکستە شانۆییەکەیە، وەک لە شانۆگەریی "ئاوا باشترە ئەی مەروان".

ماڵی عەونی لەهەر ماڵێکی ئەم کۆمەڵگایە دەچێت کە بەو واقیعە کۆمەڵایەتیە ڕازین، کاتێ (مەروان کازم) ی بێژەری تەلەڤزیۆن لە شەوێکی باراناویدا بۆ یەکەمجار ڕوو دەکاتە ماڵەکەیان تاوەکو لە تاوانی کوشتنی ژنەکەی خۆی حەشار بدات.

هاتنی بۆ ئەو ماڵە دەلالەت لە ئارامیی ماڵەکە دەکات، ئەوەش وای کردووە کەسێتی عەونی بەهۆی ماڵەوە ڕاڤە بکەین، یاخود تێڕوانینی مەروان کازم لە کەرەستەکانی ماڵ، ئەو تێڕوانینە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا ئاشکراکردنی دەلالەتەکانی ماڵە، ئەوە ئیرەییە بە ژیانی پیاوێکی پەنجا ساڵی کە بۆچی ئەو لەو جۆرە ژیانە بێبەشە، ئەوەش چەمکێکی نەوتراوی تێکستە کە خوێندنەوەمان بۆ ماڵ ئاشکرای دەکات.

بۆ ئەوەی چەمکی شوێن لەناو تێکستە شانۆییەکانی ئاراستەی هێڵی وەرگرتن بەرەو دووبارەبوونەوە نەبەن، هەوڵ دەدا تێڕوانینی جیاواز بۆ ماڵ وەک شوێن بنیات بنێت، وەک لە تێکستی "یەکەم شەڕی جوان" دا پیاوێک لەبەردەم دەرگای ماڵێکی گەورە وەستاوە و دەیەوێ بڕواتە ژوورەوە، بەر لە جەنگ ئەو خانووە ماڵی ئەوان بووە، بەڵام دوای جەنگ خانمێکی خاوەن دەستوپێوەند لەماڵەکەدایە، دەرگای ماڵەکەش کڵۆم دراوە و ئەو بۆی نییە بچێتە ناوی، بەڵام هەموو هەڕەشەکانی کارەکەرەکان توانای ئەوەیان نییە ئەو لە ماڵەکە دووربخەنەوە، بەتایبەت دوای ئەوەی یادەوەری خۆی دەگێڕێتەوە، ئەو دەمەی کە نەنکی لەلایەن باپیرەیەوە لە ژێرزەمینەکەدا ئەشکەنجە دەدرا، ئەو ژێرزەمینەی نەنکی ترشیات و کووپەی خواردەمەنی تیا دەپاراست.

بۆیە پێیوایە کە ئەو تاکە کەسێکە شەرعیەتی هاتنە ناو ماڵی هەیە.. کەچی خەڵکانێک دەبینێت دێنە ماڵەکە، ئەو بۆی نییە بچێتە ناوی، لێرەدا پەیوەندی کارەکتەر بە ماڵەوە ڕەهەندێکی سیاسی وەردەگرێت، بەهۆی ئەوەی ماڵ دەبێ بە ڕووبەرێکی جوگرافی داگیرکراو کە خاوەنە ڕاستەقینەکانی ماڵ ناتوانن بچنە ناوی، دواتر کە خانم کلیلەکەی تێدەگرێ تا دەرگاکە بکاتەوە، کلیلەکە گۆڕاوە و دەرگاکە ناکرێتەوە.

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هاتنە دەرەوە لەماڵ بەتەنها دەرچوون نییە لە ئەخلاق، بەڵکو لەدەستدانی ماڵە وەک شوێنی یادەوەری، هەرگیز ناتوانین جارێکیتر بەو دەرگایەدا بێینەوە ژووری، کاتێ جەنگ هەڵدەگیرسێ و لە دەرگاکەی دێینە دەرەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانین بەو دەرگایەدا بگەڕێینەوە ماڵەوە، چونکە ماڵ داگیرکراوە و ئێمە بەبێ ماڵ گەڕیدەیەکی بەردەرگای ماڵێکی داگیرکراوین.


عەبدولستار

پەیوەندیی مرۆڤ بە ماڵ لە تێکستی "کۆماری قەیرەکان"دا پەیوەندییەکە بەندە بە گەڕانەوەی یادەوەری، بەڵام بەبێ هاتنەوەی ئەوانەی ماڵیان بەجێهێشتووە، ناتوانرێ ماڵ لەو گۆشەگیری و کۆمارەی قەیرەکان ڕزگار بکرێت، بۆیە نۆ قەیرە لە ماڵێکدا کۆبوونەتەوە.. دوای زەمەنێکی درێژ لە دەرگا دەدرێت. کە دەرگا دەکەنەوە کابرایەکە تۆزێک دەشەلێت، لە زیندان ڕایکردووە، هەریەک لە قەیرەکان چاوی تێدەبڕێت، دوای ململانێیەکی زۆر قەیرەکان لەسەر ئەوە ڕێکدەکەون کە پیاوەکە بۆ هەموویان بێت، لە کۆتاییدا سەر شانۆ پڕ دەبێت لە دەنگی منداڵ.

ئەو چیرۆکنووسە لەڕێگەی نووسینەوە ئاستی گێڕانەوەی چیرۆک دەگۆڕێتە سەر بەقسەهاتنی مرۆڤەکان، تاوەکو خۆیان بێنە دەنگ و لەبارەی ڕووداوەکانەوە قسە بکەن، ئەوەش بۆ ئەو چیرۆکنووسە گۆڕینی گێڕانەوەیە بۆ دەیالۆگ، بەدەیالۆگکردنی ڕووداوەکان ژانری چیرۆک دەگۆڕێت بۆ شانۆنامە، ئەوەش دۆخێکی لەپڕ نییە لەناو نووسینی ئەودا دەربکەوێت، بەڵکو وابەستەی دەیالۆگی کارەکتەری ناو چیرۆکەکانیەتی کە لە هەندیک چیرۆکدا، ئامادەبوونی مۆنۆلۆگی پاڵەوان هەژمورنی گێڕانەوە دەکات، بۆیە چیرۆک لەبنەڕەتدا نزیکبوونەوە بوو لە شانۆنامە، کە هەندێکجار شانۆکاران پەنایان بردووەتە بەر ئامادەکردنەوەی بۆ شانۆ، چونکە گرفتی زۆریان نایەتە پێش لەو پرۆسەیە، بەهۆی ئەوەی ڕووداو وەک دیمەنێکی شانۆیی خۆی خستووەتە ڕوو.

نووسەر لە نووسینی شانۆنامە ئەوەی لە پرۆسەی نووسین تیایدا دەگۆڕێت، ڕەگەزی گێڕانەوەیە، گێڕانەوە زەمەنی ڕووداو ناگێڕێتەوە، چونکە ئەوەی ڕوودەدات ڕابردوو نییە، بەڵکو پەیوەستە بەزەمەنی هەنووکەی ڕووداو، بەواتای نووسەر لەگەڵ کارەکتەرەکان لەئێستای تێکست دەدوێت، لێرەوە دیمەنەکان لە شوێنی وەسفی داستانی دەردەکەون، بۆیە وەک درامایەکی ئەرستۆیی بەپێی خاسیەتی یاسای دراما کارەکتەرەکان قسە دەکەن، ئەوەش ئامادەبوونی دەیالۆگە کە ڕووداوەکان بەڕێوە دەبات، ئەو تێگەیشتنە شانۆییە کۆمەکی نووسەر دەکات کە بتوانێ چیرۆکەکانی لە گێڕانەوەی ڕووداوەوە بگۆڕێت بۆ دەیالۆگی کارەکتەر.

# سژین؛ ڕۆمانێک بۆ بێدەنگییەکی ڕەها

**کافیە سەباح**

ڕۆمانی سژین لە ڕێگەی بیۆگرافی هیوا و هاوڕێکەی-هەڵمەت-ەوە بۆ ناو ئۆتۆبیۆگرافی ئەویتر، واتە تاکی پڕۆبلۆماتیکی کورد پەل دەهاوێت. "کورد بدوێنە شەرحی حاڵی خۆی دەکات"، ئەم ڕۆمانە باس لە ناسنامەی دزراو-بزربووی تاکی کورد دەکات کە لە نائاگاییاندا جێگیر بووە. بە باسکردن لە ژیانی کورد لەسەر خاکی خۆی و کۆچکردنی بۆ تاران تاوەکو هەندەران. لەو سەفەرانەدا ڕووبەڕووی شۆکی کولتووری دەبێتەوە، بەڵام غروری ئەم تاکە ڕێگە نادات بەزەبزوێن بێت. "لەڕاستیدا دەمەوێت ناوێک بۆ ئەم شەرمکردنەی هیوا پەیدا بکەم، ناوی شەرمکردن نەبێ، ئەوەی کە ناتەوێ لە نێو شارێکی غەریبدا یان لەنێو خەڵکی نەناسراودا بکەویتە بەر سەرنج. بە جۆرێک هەوڵدان بۆ هاوڕەنگبوون... یان لانیکەم، بۆ ناهاوڕەنگ و زەقنەبوون". ئەم حاڵەتەی کورد وەکو نەخۆشییەکی وەهمی لە ڕێگەی شیتەڵکردنی ناونیشانی ڕۆمانەکەوە بۆ باسکردنی سەرچاوەی نەخۆشییە کوردانەکە کە هیچ سنوورێکی نییە و نابینرێت، بەڵکو خودی نەخۆشییەکە وەکو برینێکی دەروونی دەبێتە هەوێنی تێماکانی ڕۆمانەکە. سنووری برینەکە هاوشێوەی نەخۆشییەکە و شوێنی کوردانە منداڵدانئاسا و هاوچەشنی کەیهان بۆشاییەکە و فەزایەکی بێ سنوور، ئەگەر جوغزیشی نەبێت هەر هەیە، دەرکەوتەی ئەم برینە لە بێدەنگییەکی ڕەهاوە خۆی ڕاڤە دەکات. هیچ ڕەنگێکی نییە و هەموو ڕەنگێکیشە. ئەو برینە نەبینراوە وەکو پەلکە زێڕینە، ئەستێرەی کلکدارە، پرۆشە، نەبوونی لە دەرکەوتەکانییەوە دەچریکێنێت. نووسەر لە ڕێگەی خۆجوین (مۆنۆلۆگ)ەکانییەوە پێناسەی دۆزی نەتەوەی کورد دەکات. ئەگەر چەمکی نەتەوە بە خاکێکی هاوبەش، مێژوویەکی هاوبەش، زمانێکی هاوبەش و ئەفسانەی هاوبەشەوە پەیوەست بێت، ئەوا بۆ کورد بەندە بە بیرکردنەوەیەکی هاوبەش و گرنگیی جوگرافیاکەی. نووسەر بە ئاوڕدانەوەی بەناو مێژووی مرۆڤایەتیدا باسی مێژووە شێوێندراوەکەی کورد لە بێ دەنگییەکی نائاسایی دەکات. "...بەڵام بێدەنگیی موتڵەق لەو شێوەیەی کە بەسەر هیوادا هاتووە، تا ئەو جێگایەی کە دەیزانی، تەنیا دەکرا لە بۆشایی ئاسماندا کە مەلەکوتەکانی هەوا بوونیان نییە، ڕوو بدات کە ئەویش دیسان ئەگەر و مەگەری زۆرە. واتە تەنانەت لە ناهۆشیاری مێژوویی مێشکی بەشەریشدا، ئەم ڕووداوە پێشینەی نەبووە. مرۆڤ بە درێژایی مێژوو لەگەڵ تاریکی موتڵەقدا ئاشنایەتی هەبووە، بەڵام بێدەنگیی لەم چەشنە نا. بۆیە شانازی بە هیواوە دەکەم کە ئاوا بەبێ خۆدۆڕاندن، خەریکە بۆ خۆی شرۆڤە دەکات و هەوڵ دەدات لە دەرەوەی خۆیەوە سەیری بابەتەکە بکات." ل 22و 23

دووپاتبوونەوەی خۆ لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە "لایەکی ڕوومەتم قورس ئەبێ و ئەمە یانی خەریکە سەیرم ئەکات. سڵاوی لێ ناکەم و ئەڕۆمە دەرەوە. ئەمڕۆ بڕیارم دا وەکوو جاران لەگەڵی ڕووخۆش نەبم. هەروا لاپەڕە هەڵئەدەمەوە، کە بەدەنگی هەڵکردنی چەرخەکەم دائەچڵکێم." ل3 ، تاکو سەر بەرگی دواوەی ڕۆمانەکە ئاماژە بە جۆرەکانی (خۆ) دەکات " هیچ ئەکتەرێک ناتوانێت لەسەر شانۆ یان بەرامبەر کامێرا خۆی بێت. لەوێدا (خۆ) مانای نییە. لە کاتی ڕۆڵگێڕاندا، یان دەبێ بەو شتەی کە حەز دەکات خەڵک بەوە بیبینن یان دەبێ بەو شتەی کە خەڵک حەز دەکەن بیبینن. قەت (خۆ)یەک بوونی نییە. ئەو ئەکتەرەی کە دەڵێ من لەسەر شانۆ خۆمم، تەنیا تووشی خراپ حاڵیبوونێکی بچووک بووە. لەڕاستیدا یەکێک لەو خۆمانەی کە چەندین جار ڕۆڵەکەی گێڕاوە بە خۆی قاڵبی دەکات و لەوە بە دوا ئەو خۆمە بە خۆمی ڕاستەقینە دەزانێت. لە کاتێکدا خۆمی ڕاستەقینە تەنیا لە خەونەکانەوە دێتەوە لای. ئەو خەونانەی کە ناویان دەبێت بە (کابووس). چ کابووسێک گەورەتر و سامناکتر لەوەی کە لەگەڵ حەقیقەتی خۆتدا ڕووبەڕوو ببیتەوە؟" ل 152 . ئەم خۆیە دەمانباتەوە بۆ چیرۆکی خودا-ئیبراهیم- ئیسماعیل. دەکرێت بڵێین ئەم ڕۆمانە لەسەر بنەمای تپلیپ "سێ مانگێک " ل 239 ، باسی ڕایەڵی هەر خۆیەک بە خۆیە لێکدابڕاوەکانی کورد دەکات، ئەویش بە دووپاتبوونەوەی سێ و چوار ئاماژەیان بۆ کراوە. "چاوە بوکەڵەیەکانی سێ چوار جار تررووکاند وەکو کونەپەپوو." ل249.

تاکی کورد دەتوانێت پشتی سەریشی ببینێ وەکو کوندەپەپوو "سێ چوار مانگ" ل251، "سێ چوار ڕۆژێک" ل 243، " سەعات لە چوار لایدابوو" ل 219... "بەشی سێ ڕستە ناکات" ل 108 ، هەر چەندە چیرۆکەکەی حەزرەتی ئیبراهیم لە ئاینە ئاسمانییەکانەوە کەمێک تەفسیری جیاوازی بۆ کراوە، بەڵام ئەگەر ئەوەی ئایینی ئیسلام وەربگرین و پەلوپۆکەی لەو ڕۆمانەدا باس بکەین، ئەوە هەمان نهێنی باسنەکراوی نێوان خودا و ئیبراهیم بۆ کێشەی کورد دەستدەدات. بۆچی ئیبراهیم باسی ئەو پەیمانە نەنووسراوەی نێوان خۆی و خوا ناکات کە لە خەودا پێی ڕاسپێردراوە، بۆ لە بەرامبەر داواکارییەکی خوادا دەڵێ: من ئەوەم کە هەم. ئامادە دەبێت کوڕە خۆشەویستەکەی خۆی وەکو سزای لێخۆشبوون بکاتە قوربانی. ئایا دەکرێت کەسێک گوناهی نەکردبێت و داوای لێخۆشبوون بکات؟ بۆ دواتر خوا لە داواکارییەکەی دەبوورێت و بەرانێکی بۆ دەنێرێت تاکو بیکاتە قوربانی. ئەو نهێنییە هاوچەشن- جودا لە نهێنی مەحکوم بە قوربانیدانی ڕۆڵەی کورد پەیمانێکی نەنووسراوە و فەرمانپێکراو مەحکومە جێبەجێی بکات. ئەو پەیمانەی کورد بە تۆلێرانسەوە و بە بەخشینی خوێن جێبەجێی دەکات، بەڵام کەی دەبەخشرێت؟ لە حاڵەتەکەی کورددا باوک، کوڕ دادگایی دەکات و کوڕ، باوک دادگایی دەکات. ئایا ڕەوایەتی بە باوکە یان کوڕ؟ جێگەی سوژە و ئۆبژە گۆڕاوە؟ یان سوژە ون بووە. کوڕ بە دوای باوکە ونبووەکەیدا دەگەڕێ، باوکێک جارێک ون بووە و بووەتە نۆستالژی. "یەکەم جارەکان گرینگن... یەکەم جار وەکوو هیچ شتێک نییە. دووەم جار و سێیەم جارنییە. دووەم جار و سێیەم دووبارە ئەبنەوە، بەڵام یەکەم جارەکان قەت. لەوانەیە زۆر هەڵە نەبم ئەگەر بڵێم نۆستالۆژییەکان هەر لەم یەکەم جارانە ساز بوون" ل239 . جارەکان لە یەکەم جارەکانەوە دروست دەبن، یەکەم جارەکان دەبنە نۆستالژی بۆ دووەم جارەکان. بوونی هەردووکیان لە سێیەم جارەکاندایە، وەکو بیرکردنەوە زمانە یان زمان بیرکردنەوەیە کە سیستەمی زمانی کۆمەڵگایەک ناکۆتا دووبارەیان دەکاتەوە. یەکەم محەممەد – ئارام – هەڵمەت ئەمانە هەموویان یەک کەسن، هەروەکو چۆن عەبدوڵڵا ناوی خۆی دەگۆڕێت بۆ دانیال تاکو هەم کورد، هەم فارس، هەمیش ڕۆژئاواییەکان بۆیان گۆ بکرێت. بەڵام سژین یان سۆژین چی؟ "حاڵەتێکی تایبەتی برینە کە هاوکات هەم دەخورێ و هەم ژان دەکات. ئەو کاتەی کە ئەگەرچی دەزانی ژان دەکات و نابێ دەستی لێ بدەی هەتا خۆی چاک دەبێتەوە، بەڵام هەر نینۆکی تێدەچەقێنی و دەیخورێنی... چەند جوانە! دەڵێی لە ئاسمانەوە کەوتووەتە خوارەوە، هیچ پەیوەندییەکی بە پێش و پاشی خۆیەوە نییە. ساتەوەختی زێڕینی چێژبەخشین. بەدەر لەوەی کە مازۆخیسمی ناخی تاک تا چ ڕادەیەک دەسەڵاتدار بێت، دەستخستنە نێو (سژین) لەم کاتانەدا، تەنیا کاری چێژبەخشی دونیایە... سژین چ ئەفسوونێکی بەردەوامی تێدایە..." ل 69، 70، 126، 195 . ئەو برینەی نابینرێت تەنیا تاکی کورد هەستی پێ دەکات و لە شادەمارەوە تاکوو وردترین موولوولەی خوێنی هەیە، هەستی پێ دەکات و نایەڵێت بە هیچ دەوایەک جگە لە خۆدەواکەی قەتماغە بگرێت، چونکە ئەگەر قەتماغە بکات و چاک ببێتەوە ئیتر سارێژبوونەوەیەکی درۆینەیە، ئەو دەوایەی کورد بە دواوەیەتی هاوشێوەی درەختی نەمرییە. بۆیە دەبێت زوو زوو بڕوشێنرێت تاکو ژێرەوەی ڕاستەقینەی برینەکە دیار بێت، دەنا وەکو تابلۆیەکی هونەری تەفسیری جیاجیای بۆ دەکرێت. " گرێوت لەگەڵ دەکەم ئەگەر بکرابا بە ئامێرێک ئەو نیگارە بڕووشێنین و ڕەنگەکانی سەرەوە بتاشین و لایبەرین، ژنە ڕووتەکانی مێشکی نیگارکێش دەردەکەون." ل 52 . ئەو برینە بە پیتی یەکەمیەوە " ... ڕەنگە پیتی (ک)..." ل 71... " یەکەم ڕۆژی دیتنی (ک) ل 70.. باس دەکرێت، بەڵام هەر وەرگێڕانێکی بۆ ناکرێت.




دەوای ئەو نەخۆشیە (ستان)ە، ( س ) ی سەرەتای سژین سارێژی برینی ژینە. سژین، کوردانەیە و ئەو بزرۆکەیە مەودای دۆزینەوەیەی دەرمانەکەیەتی. دەبێت کورد بیت دەنا نابینرێت. هەرچەندە (سۆژین) برینێکی بە سۆیە. "هێشتا تامی سۆسەکە لە بن زمانی .." ل162 .. بەڵام کورد ناخوازێت دەم خونچە بکات و زوو تامی بکات، ڕەنگە نەتەوەکانی دراوسێی بخوازن زوو تامی بکەن. ئەو تامە بکەن کە زایەقەیان پێی ڕاهاتووە، بەڵام کورد ئەم زووەی ئەوان دوادەخات و لە هاموشۆی زوو- درەنگ دایە تاکو بنەماکەی بدۆزێتەوە. کوردبوون وەهم- حەقیقەتە، "ئێمەیش دەبێ ببینە خاوەن وڵات" ل 241. ئەو وەهمەی کە بیرکرنەوەی تاکەکانی بچووک کردووەتەوە کە مژۆڵی دەوڵەت هاوشێوەی نیشتمانەکەیان ژێرمێشکیانی داگیرکردوون و ناپەڕژێنە سەر هونەر. هیوا، هەڵمەت، سوارە... کان بە دوای ئازادییەوەن، هونەری کوردان مات نییە بەڵکو دەنگی لێ بەجێماوە.

*سژین ڕۆمانێکی ئەنوەر عەباسی (هەرەس)ە و ساڵی 2018 لەلایەن چاپەمەنی کتێبی ئەرزانەوە لە سوید چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

تێبینی: ئەمە تەنیا ڕانانێکی بەپەلەیە و ڕەنگە لە ئایندەدا بۆ باسکردنی تەکنیکەکەی و تێماکانی بە باسێکی درێژ بگەڕێمەوە سەر ئەم ڕۆمانە.

## چیرۆکنووس عەتا محەممەد بۆ (رووداو):

# من گرنگی زۆر نادەم بە ئەزموونەکانی ژیانم و بیانگوازمەوە بۆ ناو تێکست

عەتا محەممەد، نووسەرێکی دیار و ناسراوی بواری چیرۆک و رۆمانە و هەمیشە بەرهەمەکانی دەنگدانەوە و مشتومڕیان لەنێوەندی ئەدەبیی کوردیدا دروست کردووە.

ئەم ساڵانەی دوایی بۆ ئەم نووسەرە گەنجە ساڵانێکی پڕ بەرهەم بوون. بەرهەمەکانی سنووری زمانی کوردییان تێپەڕاند و سێ لە کتێبەکانی بۆ زمانی فارسی وەرگێڕدران. واش بڕیارە چەند بەرهەمێکی دیکەی بۆ زمانەکانی ئینگلیزی، تورکی و سویدی وەربگێڕدرێن جگە لە گۆڕینی هەندێ لە بەرهەمەکانی بۆ شێوەزاری کورمانجی.

عەتا محەممەد لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵ پاشکۆی (ئەدەب و کولتووری رووداو) باسی خۆی و هەندێ لە کارە ئەدەبییەکانی دەکات.

رووداو - سلێمانی



> من کەمتر خەریکی رادەربڕینم و زیاتر ورد دەبمەوە

> ئەمریکای لاتین بۆ من دەروازەیەک بوو بۆ بینینی رازەکانی ئەدەبی گێڕانەوە

> هەمیشە باوەڕم بەوە هەیە کە هیچ یاسایەک نییە بۆ نووسین و چۆن نووسین

**رووداو: سەرەتا با بەم پرسیارە دەستپێبکەین: تۆ لە گەڕەکێکی میللییەوە هاتووی، گەڕەکەکەت، قوتابخانەکەت و دەوروبەری خۆت چ کاریگەرییەکیان لەسەر خۆت و کارە ئەدەبیەکانت هەبووە؟**

**عەتا محەممەد:** مەرج نییە ئەوانە راستەوخۆ بگوازینەوە بۆ ناو تێکست، ئەگەرچی ژیانمان لەو شوێنانە، بۆ نموونە من بەشێکی زۆری منداڵیم تا چوونە پەیمانگاش لە گەڕەکی قەرەجاوا بەسەربرد، کە ناوێکی فەرمی هەبوو پێیدەوترا خەبات. ژیانی ئەو قۆناغەی تەمەنم و لەو شوێن و ژینگەیەدا کاریگەرییان دەبێت لەسەر کەسایەتیم، بەڵام مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە هەموو رۆژ و ساتێک خۆی درووست دەکات. وەک ئەوەی پەیکەرێک بێت و بەردەوام خۆی درووست بکاتەوە. من لەو قۆناغەدا وردە وردە بەسەر خوێندنەوەدا کرامەوە و سیحری جیهان و ژیانی ناو کتێبەکان بردمیان. من لەو کەسانەم کە گرنگی زۆر نادەم بە ئەزموونەکانی ژیانم و بیانگوازمەوە بۆ ناو تێکست، ئەوەندەی خەیاڵی کتێبەکان سەرنجیان راکێشام و لەگەڵ خۆیاندا بردمیان. ئەمەش لە زۆر تێکستمدا دیارە کە گرنگی بە باسکردنی کتێب و کەسایەتی ناو کتێبەکان دەدەم.

**رووداو: کێن ئەو ئەدیبانەی کاریگەرییان لەسەر تۆ هەبووە، کە روو بکەیتە نووسینی چیرۆک؟**

**عەتا محەممەد:** سەرەتا یەکێک لەو چیرۆکنووسانە، ئێرسکین کالدوێلی ئەمریکی بوو، چیرۆکە ریالیزمیە دڵڕەقەکانی ئەو کاریگەرییان لەسەر من هەبوو، پاشان ئاشنابوونم بە چیرۆک و رۆمانی ئیتالۆ کالفینۆ و پاشان ئەمریکای لاتین بۆ من دەروازەیەک بوون بۆ بینینی رازەکانی ئەدەبی گێڕانەوە.

**رووداو: نزیکەی نیوەی بەرهەمەکانت دوو ناویان هەیە، یان ناوێک و روونکردنەوەیەک، بۆ نموونە ئەم ناوانە: رێبەری کتێبسازە کوژراوەکان/ عەبدولخالق خەونی بە کتێبێکی ترەوە دەبینی. یان پاسەوانانی خودا/ مێژوویەکی تر بۆ بینینی خۆمان. هەنار و فریشتەی مردن/ راپۆرتێک لەبارەی مەحوییەوە... بۆچی خۆت لەسەر یەک ناو ساغ ناکەیتەوە؟**

**عەتا محەممەد:** مەسەلەکە پەیوەست نییە بە خۆساغکردنەوەوە، ئەوەندەی ئەو ناونیشانانە پەیوەندییان بە رۆمانەکانەوە هەیە، هەریەکەیان زیاد لە هێڵێکی رووداو و گێڕانەوەی هەیە و هەوڵ دەدەم لەرێگای ناونیشان و ناونیشانە لاوەکییەکەوە، ئاماژە بە هێڵە سەرەکییەکانی ناو رۆمانەکە بکەم.

**رووداو: لە پێڕستی بەشەکانی ناو کتێبەکانیشتدا، ناونیشانەکان تەنیا ناوێک نین، بەڵکو جۆرێکن لە روونکردنەوە و شیکردنەوە. واتە تەنانەت لە ناوەڕۆکیشدا هەست بەو حاڵەتە دەکرێت، هەست ناکەی ئەمە هیچ سوپرایزێک بۆ خوێنەر ناهێڵێتەوە؟**

**عەتا محەممەد:** من بۆ خۆم چێژێکی زۆر لە دانان و نووسینی پێڕستی رۆمانەکان دەبینم، چونکە من پێڕست وەک بەشێک لە تێکستەکە دەبینم و بەشدارە لە تێکستەکەدا. جار هەیە من پێڕست دادەنێم (ئەگەر هەموو ناونیشانی بەشەکانیش نەبێت)، پاشان وەک بەشی ناو رۆمانەکە دەیاننووسم. بەڵام نازانم سوپرایز بۆ خوێنەر دەهێڵێتەوە یا نا، خوێنەریش چاوەڕێی چ سوپرایزێکە، بەڵام نووسینی ئەو پێڕستانە، لەلای خۆم بەشێکە لە چێژی نووسینی رۆمانەکە.

**رووداو: بۆچی نووسەر/ چیرۆکنووس/ چیرۆکگێڕەوە، ئەوەندە ئامادەیە لەناو چیرۆکەکانتدا؟ لە زۆربەی بەرهەمەکانتدا، لانیکەم لە دەوری رۆژنامەنووسێکدا دەردەکەوێ؟ ئەو پێداگرییە لەسەر ئەوەی خوێنەرەوە ئەوەندە تێکەڵ بە موعاناتی نووسەر بێت لە چییەوە دێت؟ ئایا ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە نووسەر بەگشتی و وەک عەتا محەمەدیش بە تایبەتی، هەست بە تەنیاییەک دەکات لە هەڵگرتنی ئەو بارەی لە ناخیدایە؟**

**عەتا محەممەد:** ئەمە زیاتر پەیوەندی بە تێکشکاندنی سنووری نێوان خەیاڵ و واقیعەوە هەیە، کە تێکست جۆرێک لە هۆشمەندیی خۆی بەرهەم دەهێنێت و منیش وەک خۆم بەشدار دەبم لەناو تێکستەکە و چنینی رۆمانەکەدا. وەک کارەکتەرێک کە سنووری واقیعی بەرەو خەیاڵ بڕیوە و بووەتە کاراکتەرێک. وەک ئەوەیە بەشداربم لە تێکستێکی ئەندێشەکراودا کە پێشتر بیرم لێکردووەتەوە، بەڵام هێشتا لە نووسینیدام. ئەمەش وەک یاریکردنێکی بە ئاگایانە وایە لە پرۆسەی نووسیندا. پاشان ئارەزوویەکی زۆرم هەیە لەو جیهانەدا بژیم کە بۆ خۆم ئەندێشەم کردووە، تا بتوانم چیرۆکی تیادا دەگێڕمەوە.

**رووداو: دیالۆگ لە رۆمانی کوردیدا بەگشتی و لە بەرهەمەکانی تۆدا بە تایبەتی، کەم ڕەنگە. بەشی هەرەزۆری گێڕانەوەکان بە تاکبێژیی گێڕەرەوە و باسکردنی دیمەنەکان و حاڵەتەکان دەڕوات. پێتوانییە ئەمە دەکرێ رەخنەیەک بێت لە بەرهەمەکانت؟**

**عەتا محەممەد:** باوەڕ ناکەم شتێکی گونجاو بێت کە ئێمە کلێشەیەکی پێشوەختمان هەبێت و تێکستی پێ بپێوین، ئاوا سەیرکردنی تێکستیش هەڵەیە. بەڵکو هەر رەگەزێکی پێکهێنەری تێکستی گێڕانەوە، لەناو تێکستەکەوە سەیر دەکرێت. هیچ یاسایەک نییە پێمانبڵێت رۆمانی فرەدەنگ جوانترە یاخود باشترە لەگێڕانەوە لە رێگای گێڕەرەوەی هەمووشتزانەوە، یاخود گرنگیی مۆنۆلۆگ و ئامادەبوونی لە هەموو تێکستێکدا.

خۆسەرقاڵکردن بە قسەکردن لە رەگەزەکانی چیرۆک و رۆمان، ئەوەی پێیدەڵێن تەکنیک، هەمیشە خۆدزینەوەیەک لە پشتیەوە ئامادەیە، کە ئەویش چی وتنی تێکست و پرسیارەکانیەتی. ئایا بەبێ کەرتکردنی گێڕانەوە و پارچەپارچەکردنی دەق، نەتوانراوە تێکستی گرنگ بنووسرێت؟ سەبارەت بە دیالۆگیش هەروای دەبینم، من رایەکی پێشوەختم نییە لەسەر ئەوەی دیالۆگ دەبێت چۆن بێت، بەڵکو هەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان لە بەرەوپێشچوونی رووداوەکاندا دیاری دەکات، نەوەک نووسەر دیالۆگەکان برازێنێتەوە. دیالۆگ بنووسێت لەبەرئەوەی پێویستە هەبێت. بۆ من زەحمەتە بڕیار بدەم کە دەبێت لەم رۆمانەدا دیالۆگ چۆن بنووسم، بەڵکو پێداویستیی کارەکە دیاری دەکات. لەوانەشە بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە من بۆ خۆم کەمتر قسەدەکەم و زیاتر دەتوانم گوێ بگرم. کەمتر خەریکی رادەربڕینم و زیاتر ورد دەبمەوە. هەربۆیە کارەکتەرەکانیشم خەریکی شرۆڤەکردن نین لە رێگای دیالۆگەکانیانەوە.

**رووداو: جیهانبینیی تۆ چ لە دەوری گێڕەرەوە یان کاراکتەرەکانی تردا، زۆر بەسەر کەشی رۆمانەکانتدا زاڵە، تا ئاستێک کە رەنگە هەندێ جار خوێنەر هەست بکات کۆمەڵە وتارێک دەخوێنێتەوە و لەبیری بچێ ئەمە رۆمانە. ئەم رەخنەیەت قبووڵە؟**

**عەتا محەممەد:** تێکەڵکردنی وتار بە تێکستی گێڕانەوە، زۆر بە مەبەست و بە ئاگاییەوە دەیکەم و شتێک نییە بێ ئاگایانە رووبدات. لای من تێکستی گێڕانەوە مامەڵەکردن نییە لەسەر ئاستی هەست و پەرچەکرداری سۆزدارانە لەگەڵ واقیع و رووداوەکاندا. تەنانەت گرنگیدان نییە بە دیوی ناوەوەی کەسایەتییەکان و ورێنە و پەرچەکردارەکانیان لەبەرانبەر واقیع و رووداوەکاندا، بەڵکو مامەڵەکردنە لەسەر ئاستی بیرکردنەوە و ئاگایی. بەکارهێنانی وتاریش لە رۆمانەکاندا، لەناو چنینی تێکستەکەدایە و تێکهەڵکێشە لە بینای رۆمانەکەدا. پاشان لە تێکستی ئەدەبیدا شتێک نییە پێشوەخت دیاریی بکرێت رێگەپێدراوە یا نا، جوانە یا نا، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئێمە بتوانین تێکستێک بەرهەم بهێنین. ئەوەش کە پەیوەندیی بە خوێنەرەوە هەیە، من ناتوانم قسەی لەبارەوە بکەم، چونکە خوێنەر ئاستی جیاجیای هەیە و کەسێک چەند رۆمانێکی کەمی خوێندووەتەوە و ئەزموونی خوێندنەوەی سنووردارە، یاخود تێڕوانینێکی دیاریکراو و کۆنکرێتیی هەیە بۆ تێکست، ئەوانە هەمیشە تووشی کێشە دەبن لە خوێندنەوەدا.

**رووداو: زۆربەی کاراکتەرەکانت یان پەنابەرن، یان لە قۆناغێکدا ژیانی پەنابەری و غوربەتیان ئەزموون کردووە؛ بۆچی ئەو بابەتە ئەوەندە رەنگی داوەتەوە لە بەرهەمەکانتدا؟ لەبەر ئەوەیە کە خۆت تاراوگەنشینی؟**

**عەتا محەممەد:** لەم سەردەمەدا کێشەی کۆچبەران لەپاڵ کێشەکانی وەک پەنگخواردنەوەی گەرمیی زەوی، پیسبوونی ژینگە و کێشەی هەژاربوونی زۆرینە و دەوڵەمەندبوونێکی ترسناکی کەمینەیەک و چەند کێشەیەکی تر، رووبەڕووی جیهان بووەتەوە، بەڵام پەنابەری تەنها گەڕان نییە بەدوای ژیانێکی باشتر، یاخود هەڵهاتن لە مەرگ. بەڵکو پەنابەران بوونەتە ئەو فاکتەرەی کە دیمۆگرافیای کۆمەڵگاکان بگۆڕن، ئەگەر لە ئێستاشدا نەبێت، ئەوا لە ئایندەیەکی نزیکدا دەیبینین. ئەم گۆڕانکارییەش هەروا ئاسان نییە. ئایا دوای چەند نەوەیەکی تری پەنابەران، سیمای ئەوروپا چۆن دەبێت؟ لەکاتێکدا پەنابەر کە لە وڵات و کولتوورێکەوە کۆچ دەکات یاخود هەڵدێت، بەڵام لە وڵاتی دووەم یاخود سێیەم، جارێکی تر باوەش دەکاتەوە بە کولتوور و ئاین و جەژنەکانی خۆیدا و دەیکاتەوە بە شوناس بۆ خۆی. لەبەرانبەر دەنگی مزگەوتەکان و جێبەجێکردنی شەریعەت لەناو دڵی ئەوروپادا، بزووتنەوە راسیست و نازییەکانیش گەشەدەکەن. دیارە هەردوو ئەم بزاوتە کۆمەڵایەتییە سیاسییە مەترسین بۆ سەر دیموکراسی و سێکولاریزم. ئەم هەڵکشانەش بەردەوامە و گەشەی ئەو هێزە دژە پەنابەرانە لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا بە ئاشکرا دەبینرێت، وەک ئەوەی ئێمە گەڕابێتینەوە بۆ سەرەتای دەیەی سیی سەدەی رابردوو کە نازییەکان تیایدا گەشەیان کرد. تەنانەت دەکرێت سەیری کۆمەڵگای کوردیی بکەین لە دوای کۆچبەر و ئاوارەی ناوچە عەرەبەکان و هاتنی کرێکارانی ئاسیایی و تورکیایی و...، کە لە دژیان هەستێکی نەتەوەپەرستی بە ئاشکرا بەدەرکەوت (لەلایەکیشەوە بەرکەوتنی کۆمەڵگای ئێمەیە بە کولتووری دیکە و ئەویترێکی دیکە). بەنگلادشییەک بە کوردی قسەدەکات، تێکەڵبوون و هاوسەرگیری لەگەڵ نەتەوەکانی تردا ئەمانە هەموو گۆڕانکاری درووست دەکەن، دەکرێت لە هەندێک وڵات کەم بێت و لە هەندێکی تر زۆربێت. لەبەرئەوە گرنگیدانی من بە کێشەی کۆچبەر و پەنابەر، چیرۆکەکانیان و بازرگانی بە مرۆڤەوە، پەیوەندی بەو گۆڕانکارییەوە هەیە کە پەنابەران لەم سەردەمەدا لەگەڵ خۆیاندا دەیهێنن و حاڵەتێکی راگوزەر و تەنها شوێن گۆڕینی مرۆڤەکان نییە.

**رووداو: تۆ بەو پرسیارانەی دەیانوروژێنی و هەندێ جار ترسناکیشن، بە تایبەت لە رۆمانە سێینەکەتدا، بەتەمای خوێنەر لە چی ئاگادار بکەیتەوە؟**

**عەتا محەممەد:** لەو سێینەیەدا کارم لەسەر چەمکی مرۆڤ کردووە لەم سەردەمەدا، ئەویش لە رێگای ناو و وێنە و چیرۆکەکانییەوە. سێ رۆمانەکە گەڕانە بەدوای ئەو سێ پرسیارەی کە سێ رۆمانەکە لە خۆیاندا هەڵیدەگرن. لەم گەڕانەشدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مەرج نییە ئەوەی دەژی، مرۆڤ بێت، بەڵکو شتانێکی ترن کە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا هەڵیاندەگرێت. یاخود دەکرێت زۆر ناو و پەیکەر و چیرۆکی ناو مێژوو کەسێکی راستەقینە لە پشتیانەوە نەبێت، ئەوەندەی دروستکراون و توانایان هەیە لەناو کتێب و یادەوەریی بەکۆمەڵماندا بژین. دیارە لەم سەردەمەدا و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەوە جوان دەردەکەوێت کە چۆن ناوی خوازراو و وێنەی چاککراو و جوانکراو و چیرۆکە دروستکراوەکان توانایان هەیە بژین. وەک ئەوەی ئەوان بژین نەوەک مرۆڤەکان خۆیان.

**رووداو: ئەو رۆمانە سێینەیەت، یان ئەو سێ پرسیارەت: (ئەمە منم دەژیم یان ناوەکەم؟) (ئەمە منم دەژیم یان وێنەکەم؟) (ئەمە منم دەژیم، یان چیرۆکەکەم؟) هی تریشی بەدوادا دێت؟**

**عەتا محەممەد:** لەڕاستیدا چوار پرسیارم هەبوو، بەڵام کارم لەسەر پرسیاری چوارەم نەکرد و لێیگەڕام. نازانم رۆژێک دەگەڕێمەوە سەری و کاری لەسەر دەکەم یا نا.

**رووداو: چەندە ژمارەی خوێنەرانت بەلاوە گرنگە؟ چونکە چیرۆکەکانی تۆ بەزۆری بەسەرهاتی توێژێکی تایبەتن... رۆشنبیر و نووسەر و رۆژنامەنووس و شاعیرن، زمانەکەش زمانی هەمان توێژە. ئەمە بەڕای تۆ خوێنەرانت سنووردار ناکات؟**

**عەتا محەممەد:** هەموو نووسەرێک حەزدەکات بخوێنرێتەوە، بەڵام زۆرجار بۆئەوەی لەسەر ئاستێکی فراوان بخوێنرێتەوە، پەیوەندیی بە کتێبەکانەوە نییە، ئەوەندەی مارکێتین و ریکلام رۆڵ دەبینن تیایدا. ئەم دیاردەیە لە دنیای ئێمەشدا هەیە و لەم چەند ساڵەی دواییدا بینیمان رۆمان هەبوو چۆن لە رێگای مارکێتینی نووسەرەکەی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ خوێنەراندا، ژمارەی زۆری لێفرۆشرا، کە بۆ خۆی بەهایەکی ئەدەبیی نییە. ئەمە لە دنیاشدا زۆرە. پاشان جۆری کارەکتەر بەوەی سەر بە چ چین و گرووپێکی کۆمەڵایەتییە، رۆڵ نابینێت لە فراوانکردنی رووبەری خوێندنەوەیدا. بە تەنها ماسیگرەکان حەزیان لە خوێندنەوەی پیرەمێرد و دەریای هەمەنگوای نییە. هەربۆیە کاریگەریی کتێبەکان گرنگترە لە ژمارەی فرۆشتنیان. چونکە بەردەوام لە پێگە و کتێبفرۆشییەکاندا دەبینین چۆن کتێبێک دەبێتە پڕفرۆش، بەڵام دوای ساڵێک کەس ناگەڕێتەوە سەری و ون دەبێت. بە کورتی من بەوجۆرە ژیانەی هەمە، کە دوورم لە میدیا و ریکلامکردن، پێموایە کتێبەکانم لە ئاستێکی باشدا دەخوێنرێنەوە، بەڵام من بۆ خۆم نووسەرێکی ریکلامی نیم و ناشمەوێت بگەمە ئەوە. چونکە لەم سەردەمەدا مرۆڤ بووەتە کەرەستەیەک بەدەست ریکلام و کۆمپانیاکانەوە.

**رووداو: هەڵبژاردنی کاراکتەر لەناو توێژی دەستەبژێر، چەندە هاوکاریت دەکات لە هێنانەئارای دیالۆگی قووڵ؟.. تۆ لەگەڵ ئەو رایەی کە پێیوایە هەڵبژاردنی کەسایەتی سادە، دەستی نووسەر دەبەستێ لە دەربڕینی ئەوەی لە مێشکیدایە؟**

**عەتا محەممەد:** من هەمیشە باوەڕم بەوەیە کە هیچ یاسایەک نییە بۆ نووسین و چۆن نووسین. بەڵکو نووسەر دەبێت ئەوە بنووسێت کە دەتوانێت. چونکە زۆرجار مرۆڤ ئاگادار نەبێت، نازانێت کە نەیتوانیوە ئەوە بنووسێت، کە ویستوویەتی. (جار هەیە ئەمە لەکاتی خوێندنەوەی رۆمانێکیشدا دەبینین). لەبەرئەوە کێشەکە لە کاراکتەر و رووداو و بیرۆکەدا نییە، چونکە هەموو شتێکی ژیان و ئەوەی لە خەیاڵیشماندایە، دەتوانین بیکەینە کەرەستەی نووسین. بابەتی گەورە و بچووک، گونجاو و نەگونجاو نییە. بەڵکو ئەوە پەیوەندی بە توانا و خواستی نووسەرەوە هەیە، بەوەی چی دەوێت لە نووسین و چۆن کار لە دەقەکەدا دەکات.

**رووداو: چۆن دەڕوانیتە لێشاوی وەرگێڕانی ئەدەبی بیانی بۆ کوردی؟**

**عەتا محەممەد:** لە دنیای ئێمەدا هەمیشە شتەکان وەک مەترسی دەبینرێن، جا شیعر یاخود رۆمان و وەرگێڕان بێت. لەکاتێکدا ترسەکە لە زۆربوونی ئەوانەدا نییە، بەڵکو لەوەدایە کە پرنسیپ و یاسایەک نییە شتەکان رێکبخات. بۆ نموونە ترس لە زۆربوونی وەرگێڕان نییە و من ئەو دۆخە وەک لێشاو نابینم، بەڵکو هێشتا لە ئاستی پێویستیشدا نییە. چونکە وەرگێڕان تەنها گواستنەوەی تێکست نییە بۆ زمانی کوردی، بەڵکو بەشدار دەبێت لە گەشەدان بە زمانی کوردی، فراوانکردنی دید و خەیاڵی مرۆڤی کورد، کرانەوە بەسەر جیهاندا و بەرکەوتنی کولتوور و تێکستی تر. بەڵام مەترسییەکە لە نەبوونی خانەی چاپی شارەزا و بەرپرسدایە، کە بەرپرس بێت لەبەرانبەر هەڵبژاردنی تێکست و زمانی وەرگێڕانەکە و کواڵیتی کتێبدا. دیارە ئێستا سەرەتایەک درووست بووە بۆ دامەزراندنی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی یاسا و شارەزانەبوونی خوێنەرەوە، دەرفەت رەخساوە کە هەر چاپخانە و کتێبفرۆشییەک وەک ناوەندێکی چاپ و بڵاوکردنەوە کاربکات. ئێستا چەند خانەیەکی چاپ هەن، بەڵام لە پاڵیاندا ئەوەندە ناوەندی نەشارەزا و هەڵپەکەری قازانج هەیە کە هیچ دیدێکیان بۆ ئەدەب و رۆشنبیری نییە و کتێبی زۆر بازرگانی و خراپ دەخەنە بازاڕەوە و فرۆشیشیان باشە. لە دنیادا، جگە لە دنیای ئێمە، خوێنەر خانەی چاپ دەناسێ و متمانەی بە کارەکەیەتی. بەڵام لە دنیای ئێمەدا تا ئێستا کتێبگەلێک دەفرۆشرێن کە نووسەر، یا وەرگێڕەکەی، خۆی چاپی کردوون، یاخود لە شوێنی وا چاپیان دەکات کە نەک پێداچوونەوە، باوەڕناکەم هەڵەچنییش بۆ کتێبەکان بکەن. لەبەرئەوە بەشێکی هاوکێشەکە پەیوەندی بە شارەزایی و متمانەی خوێنەریشەوە هەیە بۆ نووسەر و وەرگێڕ و کتێبەکان.

**رووداو: تۆ لەناو ئەدیبانی کورد زۆرتر بەرهەمی کێ دەخوێنیتەوە؟ لە پیاوان کێ و لە ژنان کێ؟**

**عەتا محەممەد:** ژیان جگە لە خوێندنەوە و نووسین کۆمەڵێک ئەرکی ترمان دەدات بەسەردا، کە بەشێکی زۆر لە بیرکردنەوە و کاتمان دەبات. هەربۆیە ئەوەندەی بوار هەبێت، بە دواداچوون بۆ ئەو کتێبانە دەکەم کە چاپ و بڵاودەکرێنەوە و ئەوانەش دەخوێنمەوە کە مەبەستمن، بەڵام من هەموو کتێبێک ناخوێنمەوە هەر لەبەرئەوەی کە بە کوردی نووسراون، چونکە منیش وەک خوێنەرێک مافی ئەوەم هەیە چی هەڵدەبژێرم بۆ خوێندنەوە، ئەگەرچی زۆرجار نووسەری کورد وەک فەرمانبەرێک سەیر دەکرێت، کە دەبێت ئاگاداری هەموو دەق و کتێبە کوردییەکان بێت. تۆ کە رۆمان دەنووسیت دەبێت ئاگاداری هەموو رۆمانەکان بیت. بە بڕوای من نووسەر بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە لەوەی دەینووسێت، نەوەک لەوەی چی دەخوێنێتەوە و دەبێت چی بخوێنێتەوە، یاخود کوردبوونمان پاساوبێت بۆئەوەی کە ئاگاداری هەموو دەقێکی کوردی بین. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدەم ئاگاداری ئەو رۆمان و چیرۆکانە بم کە چاپ دەبن، تا ئاگاداری گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ئەدەبی گێڕانەوەی کوردی بم. دیارە هەندێک ناو کە ئەزموونیان سەرنجم رادەکێشێت، زیاتر جێی بایەخم دەبن.